# سکاینەرێکی بچووک و پۆرتێبڵ




سـکاینەر ئەو ئامێرەیە کە کۆپی لە دوکیۆمێنت و وێنەکان دەگرێتەوە و بۆ سـەر کۆمپیوتەر بەرێیان دەکات، سـکاینەرەکان بەپێـی کارکردنیان جیاوازن. قەبارەی سکاینەرەکان بۆ هەڵگرتن ناگونجێن، بەڵام لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك سـکاینەرێکی بەناوی Doxie Go بەرهەم هێناوە کە تواناکانی گەلێك جیاوازن.

دیزاینــی ئامێرەکـە کەمێکت و بــێ وایەرە و بەکارهێنەر بۆ بەکارخســتنی ئامێرەکە پێویســتیان بەکۆمپیوتەر نییە. سـکاینەرە بچووك و پۆرتێبڵەکە دەتوانێت دەق و دوکیۆمێنت سکان بکات و بەشێوەی فایلی PDF بۆ ئینتەرنێت بەرێ بکات. سکاینەرەکە دەقە سکانکراوەکان لەمیمۆری کارت جـۆری micro SDی دا خـەزن دەکات. بەهــەر جارێك شەحنکردنەوەی سکانەکە دەکرێت 600 لاپەڕەی پێ سکان بکەی، جگە لەوەش لەگەڵ iPone و iPadیشدا دەگونجێت.



# Lytro کامێرایەکی جیاواز و بەتەکنۆلۆژییەکی نوێ

Lytro یەکەمین کامێرای بەفۆکســی بێ ســنوور بەرهەم هێنا، کامێرایەکی بچووك کە خاوەنــی لێنزێکی 8xە. لەبواری دیزاینەوە لەگشــت کامێرا دیجیتالییەکان جیاوازتــرە. وێنەکان بەجۆرێك خەزن دەکات کە دەکرێت پاش گرتنی وێنەکە لەســەر هەر بەشێکی وێنەکە فۆکس بکەی.

لەتەکنۆلۆژیــای Light field گشــت زانیارییەکانی تایبەت بەتیشــك و ڕووناکی خەزن دەبن. وێنەگرتــن بەکامێرای ناوبراو زۆر ســانایە، بۆ کۆنترۆڵکردنی کامێراکە تەنیا سێ دوگمەی هەڵبوون و کوژانە و گەورەکردن و وێنەگرتن هەیە.

کامێرای Lytro دوو جۆری هەشت گیگابایتی کە 350 وێنە لەخۆیدا خەزن دەکات و هەروەها 16 گیگابایتی کە دەتوانێت 750 وێنە لەخۆیدا خەزن بکات هەیە.



# ماوسی سێ ڕەهەندی گوستیلەیی

ماوس وەك شا کلیلی کۆمپیوتەر بۆ چوونە ناو پرۆگرامەکان و بەئاسانی جێبەجێکردنی فەرمانەکان سەیر دەکرێت، بەبێ ماوس ئەرکەکان بەخێرایی ڕاناپەڕن و هەندێك ئەرك هەر جێبەجێ نابن.

لەم دوایاینەدا ماوســێك لەلایەن کۆمپانیایەکەوە بەرهەم هاتووە کە وەك گوستیلە لەپەنجە دەکرێت و ئەرکەکانی پێ جێبەجێ دەبن. ماوســەکە ســێ ڕەهەندییە و بەماوســی "مەی ســترۆ" ناســراوە، خاونی 4 دوگمەی ســەرەکییە. کە بەداگرتنی ئەو دوگمانە جگە لەفەرمانە سەرەکییەکان، دەکرێت ئەرکی دیکەش جێبەجــێ بکات. بۆ نموونە بەلێدانی پەنجەی ئاماژە، دەکرێت ئیمێلەکەت بکەیەوە. یان بیســڕیەوە. کۆمپانیای بەرهەمهێن دەڵێت لەکاتی شۆفێریشــدا دەکرێت لەماوسەکە سوود وەربگری، بەڵام چ شۆفێرێك دەتوانێت هەم شۆفێری بکا و هەم کار بەکۆمپیوتەر بکات؟!.

# لومیا 800 دوایین مۆبایلی نۆکیا




لەم ماوانەدا کۆمپانیای نۆکیا کە لەبواری بەرهەمهێنانی مۆبایلدا لەکۆمپانیا هەرە بەناوبانگەکانە، نوێترین مۆبایلی هۆشمەندی خۆی خستە بازاڕەوە، مۆبایلەکە بەlumia800 ناسراوە زۆر وەك نۆکیای N9 دەچێت کە زۆر لەمێژ نییە کۆمپانیای نۆکیا خستوویەتیە بازاڕەوە.

مۆبایلی لومیا خاوەنی پرۆسیسەری 1.4 گیگاهێرتزە، ڕامەکەی 512 میگابایتە، دیزاینەکەی وەك مۆبایلی N9 دەچێت. کامێراکەی 8 میگاپیکسلە.

لومیا800 هاردەکەی 16 گیگابایتە، جگە لەوەش 25 گیگاش هاردی مەجازی لەلایەن sk-driveی مایکرۆسۆفت وەك دیاری پێتدەبەخشرێ. خاوەنی ویندۆز فۆنە، کێشەکەی 142 گرامە و لەسێ ڕەنگی، ڕەساسی، سەوز و سووردا هەیە، باترییەکەی ناگۆڕدرێت و بۆ هەمیشەییە. شەحنی باترییەکە لەکاتی قسەکردندا تا نۆ کاتژمێر و نیو دانابەزێت، بەڵام بۆ حاڵەتی ئاسایی هەتا 335 کاتژمێر دانابەزێت. جگە لەوەش دەکرێت 7 کاتژمێر بەردەوام فیلمی پێ سەیربکرێت و 55 کاتژمێریش مۆسیقا بڵاوبکاتەوە بەبێ دابەزینی باتری. کامێراکەی بەشێوەی HD فیلم هەڵدەگرێتەوە.

# بۆ هەموو ئامێرەکان تەنیا شەحنکەرەوەیەک






شەحنکردنەوەی پاتری ئامێرە دیجیتالییەکان وەك، مۆبایل، کامێرا لاپتۆپ، ئایپاد...تاد. گرنگترین بەشی ئامێرەکەیە، چونکە ئامێرەکان بەبێ شەحن وەك جەستەیەکی بێ گیان دەچن. گرفتێك کە لەشەحنکردنەوەی ئامێرەکاندا هەیە، کە هەرکام بەشەحنکەرەوەی خۆی شەحن دەبێتەوە، هیچ کامیان ناتوانن لەشەحنکەرەوەی هی دیکە سوود وەربگرن. بۆ نموونە هەرگیز ناتوانی بەشەحنی مۆبایل لاپتۆپەکەت شەحن بکەیەوە. ئەی ڕێگەچارە چییە.

کۆمپانیای کولێر مستەر، شەحنکەرەوەی USNA 120W بەرهەم هێناوە کە بۆ شەحنکردنەوەی گشت لاپتۆپێك و هەروەها گشت ئەو ئامێرانەی کە بەUSB شەحن دەبنەوە هەیەتی. لەیەك کاتدا دەتوانێ دە ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە.

# کۆمپیوتەر و TVیەکانتان بەبێ وایەر پێکەوە پێوەند بدەن

ئێوە دەزانن شاشەی لاپتۆپەکان بچووکە و بۆ نیشاندانی فیلمێک کە هەموو ئەندامانی ماڵەوە سوودی لێوەربگرن ناگونجێت، بۆ پێکەوە پێوەندیدانی کۆمپیوتەر و TV پێویستیت بەئامێرێکە کە بەبێ وایەر شاشەی لاپتۆپەکە بۆ سەر TV بگوازێتەوە.

ئامێری streamHD ئامێرێکی نوێیە کە بەئاسانی بەبێ گرفت ئەو دوو ئامێرە گرنگە پێکەوە پێوەند دەدات. چۆنییەتی کارکردنی ئامێری ناوبراو بەم شێوەیە، پارچەیەکی USB لەکەلێنی USB لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری دیسکتۆپەکەت دەخەی و پاشان ئامێرێکی دیکە بەTV ماڵەوەت پێوەند دەدرێت. ئێستاکە بەو ئاسانییە هەموو شتێك ئامادەیە. شاشەی کۆمپیوتەرەکەت لەسەر TV دەبینرێت. لەنێوان ئەو دوو ئامێرەدا هیچ وایەرێك نییە، دەتوانرێ ئامێرەکان 9 مەتر لێك دووربن.





## پاڵاوگەی ئاوی پورتێبڵ

گەلێك جاران لەکاتی گەشتدا کە بەشوێنێکی دووردەست ڕۆیشتووی، هیچ چەشنە ئاوێکی پاکت گیر نەکەوتووە بۆ خواردنەوە، لەکاتێکی وادا ئامێرێکی بچووکی پورتێبڵ کە بەئاسانی هەڵبگیرێت و ئاوەکەت بۆ پاڵاوتە بکات و لەبەکتریا و میکرۆب پاکی بکاتەوە گەلێك پێویستە.

ئەوەی لەو وێنەیەدا دەبینن ئەو ئامێرەیە کە بەئامێری StreriPEN ناسراوە. کێشی کەمە و هەڵگرتنی ئاسانە وەك قەڵەمێك دەکرێت لەگیرفانتی بخەی. ئەو قەڵەمە باترییەکی شەحنی لەگەڵدایە. کە بەکۆمپیوتەر شەحن دەبێتەوە. چۆنییەتی سوود وەرگرتن لەو ئامێرە بەم شێوەیە ئەوەندە، ئامێرەکە لەو گلاسە ئاوە دەخەی کە گومانت لێی هەیە، لەماوەی خولەکێکدا بەیارمەتی تیشکی UV گشت بەکتریایەکانی ناو ئاوەکە لەناو دەبات، بەبێ گرفت نۆشی بکە.


# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی پارتشینەکانی کۆمپیوتەر

وشەی پارتیشن (Partition) لە زانستی کۆمپیوتەردا بەوە دەگوترێت کە هاردیسکی کۆمپیوتەرەکەت بکەی بەچەند بەشێك و بەش بەشی بکەی. بۆ نموونە (C.D.E). پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە کە هاردی کۆمپیوتەر بکەن بەچەند پارچەیەکەوە. بوونی چەند پارچەیی لە کۆمپیوتەردا زۆر گرنگە هەم بۆ ڕێکخستنی ئەرکەکانتان و هەم بۆ ئەوەی لەکاتی تێکچووندا تەنیا یەك پارچە تووشی تێکچوون بێت.

بە زۆری پارچەکردن و دابەشکردنی هاردی کۆمپیوتەر لەسەرەتای دانانی ویندۆزدا دەکرێت، بەڵام پرۆگرامی EaseUS Partition master بەبێ ئەوەی کە کۆمپیوتەر فۆرمات بکەیەوە و ویندۆزی دیکەی دابنێی هاردەکە دەکاتە چەندین پارچە کە خۆت مەبەستت بێت.

ئەو ئەرکانەی ئەو پرۆگرامە دەیکات ئەمانەن:

- بردنەسەری قەبارەی پارتیشنی سیستەم.
- گۆڕینی قەبارەی پارتیشنەکانی بە ویستی بەکارهێنەر.
- تێکەڵکردنی پارتشینەکان لەگەڵ یەکتر.
- دابەشکردنی پارتشینێك بە چەندین پارتشینی دیکە.
- سڕینەوەی تەواوی هارددیسك، بەبێ ئەوەی کە زانیاری سڕاوە بگەڕێتەوە.
- کۆپی کردنی هارددیسك.





## هـــەر جـــارەو وەڵامـــــی پرسیارێــــــک

لەگۆشـــەی هـــەر جـــارە وەڵامی پرســـیارێك هەوڵمانـــداوە بەپێی توانا چارەســـەری ئەو گرفتانـــە بکەین کە تووشـــی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێـــت و ئامێـــرە دیجیتالییەکان دەبن، هەربۆیە داوا لەخوێنەرانی بەڕێز دەکەین کە هەر پرســـیارێك هەیانە بە گۆڤارەکەمانـــی بگەیەنێ تا وەڵامی پێویستی بدەینەوە.

ئەمجارەیان خوێنەرێك پرسیاری ئەوە دەکات کە بۆچی هەر کاتێك تێکستێك لەئینتەرنێـــت کۆپی دەکـــەم و دوایی لەپرۆگرامـــی word دا paste دەکـــەم، تێکســـتەکە بەتێکەڵی دێت و وێنەکان لەلایەك و هیچی بەسەریەکەوە نییە، چ بکەم کە تێکستی لاپەڕەیەکی ئینتەرنێـــت لەپرۆگرامی word دا تێکنەچێت.

خوێنەری بەڕێز، تۆ ئەوەندە تێکستەی کە لەلاپەڕەیەکی ئینتەرنێتدا پێویستتە بەدوگمەکانـــی ctrl+c کۆپـــی بکە، بەڵام کاتێـــك دەتەوێت paste بکەی، نابێ لەدوگمەکانی Ctrl+V کەڵك وەرگـــری، بەڵکـــو لەword 2007بەرەو ســـەر لەبەشی home دا لەخـــوارەوەی ئایکۆنـــی Paste فەرمانـــی paste special هەڵبژێرە و لەودا پەنجەرەیەك دەکەوێتە کە لەو پەنجەرەیـــەدا فەرمانی -U formatted text هەڵبژێرە ئیدی تێکستەکەت بەبێ گرفت دادەبەزێت.

## لەکاتژمێرە نوێیەکەی Casioدا کورتە پەیامەکانت ببینە

بەبـــێ ڕیـــکلام کردن بـــۆ کۆمپانیای کاسیۆ، دەزانین کۆمپانیای ناوبراو یەکێکە لەکۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بەرهەمهێنی کاتژمێـــری دەســـتی، بەپێشـــکەوتنی تەکنۆلۆژیا، کۆمپانیای ناوبراو هەوڵیداوە ئیمکانیاتی زیاتر بخاتە ناو کاتژمێرەکانیەوە. کاتژمێـــرە نوێیەکانی کاســـیۆ کە بە-G shock ناســـراون لەگـــەڵ مۆبایلـــە هۆشـــمەندەکان کـــە لە بلوتووســـی 4 سوود وەردەگرن بەباشی دەگونجێـــن. بەکارهێنەرانـــی ئـــەو جۆرە کاتژمێرانە دەتوانن پێوەندی و کورتە پەیام و ئێملەکانیان لەسەر کاتژمێرەکە بەبێ بوونی مۆبایلەکـــە ببینن. نوێتریـــن کاتژمێری کاســـیۆ کە هەڵگری ئەم خزمەتگوزارییە، کاتژمێـــری casio GB-6900ـــە کـــە باترییەکەی هەتا دوو ســـاڵ پێویستی بەگۆڕین نییە.




## لەم یارییەدا وڵاتەکەت ئاوەدان بکە

یـــاری The Island Castaway 2 v1.0.4، یارییەکی ســـەرنج راکێشە، بۆ ئەوانەی ئـــارەزووی یاری هزری دەکەن، ڕەنگە ماوەیەکی زۆر کاتیان بەم یارییەوە خەریك بکەن، چونکە یارییەکی ســـەرنج راکێشە، لەم یارییەدا بەکارهێنەر ڕۆڵی سورپێستێکی گەنج دەبینێ، کـــە دەبێت لەو هـــۆز و گوندەی کـــە ژیانیان لەگەڵ دەکات بەردەوام خەریکی گەڕان بێت و نهێنییەکانی یارییەکە بەدەست بێنێت. کارەکتەری یارییەکە کە گەنجە هیندیە سوورەکەیە، تووشی گرفتێکـــی زۆر دەبێت، لەســـەرەتادا دەبێت بە ڕاکـــردن و کۆکردنەوەی و خواردنی میوە وزەی پێویســـت بەدەست بێنێت. لەو کاتەدا کە ماندوو دەبێـــت بەهـــۆی میوەکانەوەیـــە وزەی خۆی وەردەگرێت. لە بەشـــێکی یارییەکەدا گیانداری



دڕندە هەن کە دەبێت یان لەچنگیان ڕابکات یان ڕاویان بکات.

لەم یارییەکەدا دیزاینـــی یارییەکە زۆر وەك سورپێستی ڕاستی دەچێت، ئەو ئەنیمەشنانەی کـــە لە یارییەکـــەدا هەن زۆر سروشـــتی دێنە بەرچاو.